# هەفتەنامەی فیدراسیۆن

ژمارە 9

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQ REFUGEES-IFIR www.federasion.org

هەفتەنامەی فیدراسیۆن ، بلاوکراوەیەکی هەفتانەی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

6ی کانوونی دووەمی 2008


## گۆشەیەك لەچالاکیەکانی فیدراسیون لەماوەی دوو مانگی ڕابردودا

لەم ژمارەی هەفتەنامەی فیدراسیوندا بە گرنگمان زانی کە گۆشەیەک لە کارو چالاکیەکانی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەماوەی دوو مانگی رابردودا بخەینە روو بەمەبەستی ئاشنابوونی هەرچی زیاتری خوێنەران بە کارەکانی ئەم ڕێکخراوەو دەوری لە گۆڕینی ژیانی پەنابەراندا !




### پرسەنامە بۆ هاوڕێ ی ئەزیزمان بەیان

ئەزیزو خۆشەیست بەیان گیان :

گیان لەدەست دانی دایکی خۆشەویستان بووە مایەی نیگەرانی بۆ هەموو ئەزیزان و دۆستانی دوورونزیك. بیستنی ئەم هەواڵە بۆ ئێمەو زۆرێك لە هەڵسوڕاوانی فیدراسیون کە ساڵەهایە نەخشی ئێوە لەنزیکەوە دەناسن و پێ ی ئاشنان کە وەك یەکیك لە هەلسوڕاوانی فیدراسیون توانیووتانە چ جیگەو ڕێگەیەکتان هەبیت لە کارەکانی ئەم ریکخراوەدا ،.... بۆ لاپەرە 4 B

تۆش دەتوانیت ئەم ریکخراوە بەهیز بکەیت !

ئەم ژمارەی هەفتەنامەی فیدراسیونمان تەرخان کرد بۆ ئاوڕدانەوەیەکی سەرپێ لەگۆشەیەکی کارو چالاکیەکانی فیدراسیون لەماوەی دوو مانگی رابردودا ، وەزیاتر لەبازنەی رابەریکردنی خۆپیشاندان و مانگرتنەکانی ئەم دەورەیەدا .

کە بەدڵنیای زۆرێک لە ئێوەی خوینەرانی هەفتەنامە ئاگادارن کە لەماوەی ئەم چەند مانگەی ڕابردودا رابەری و هەلسوراوانی فیدراسیون دەیان کۆڕو سیمینارو کۆبوونەوەو دیداریان ئەنجامداوەو دەیان دەزگای ڕاگەیاندنی گەورەو سەرتاسەری راپۆرت و چاوپیکەوتن و راگەیاندن وچالاکیە جۆرەبەجۆرەکانی فیدراسیون بلاوکردوەتەوە. دەیان حزب و ڕێکخراوەی سیاسی و ئینسانی پشگیری خۆیان بۆکەمپەین وچالاکیەکانی فیدراسیون راگەیاندوەو بەکورتی ئەمرۆ هیچ کەس ولایەنێ ناتوانیت حاشا لەو راستیە بکات کە ئەم ڕێکخراوە بووەتە لایەنکی بەرهەڵستکارو کاریگەر لەسەر ژیان و چارەنووسی پەنابەرانی کوردوعیراقی .

بۆیە دەکرێت تۆش بە ئەندام بوونت لەم ڕێکخراوەدا لەپاڵ شانازی کردنتاندا بەم کارانەوە هاوکات هەنگاوێکیش هەڵهێنیتەوە بۆ دەخالەتکردن لە ژیانی ئەو ئینسانانەی کە پێویستیان بەهاوکاری کردنی هەموو لایەکمانە !

سەردانی ماڵ پەڕی فیدراسیۆن بکەن : www.federasion.org

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خۆپیشاندانی سویسرا / لە رۆژی 9 / 11 / 2007 بەبەشداری 150 کەس کە لە شارە جیاجیاکانی سویسراوە کۆووبوونەوە ، لە بیرنی پایتەخت خۆپیشاندانێکی سەرکەتووانە بەرێخرا. سەرەتای خۆپیشاندانەکە لە هایگەر پلاتسەوە بەرەو وەزارەتی کاروباری پەنابەری بە دورشمی ( مانەوەو مافی پەنابەری بۆ پەنابەرانی عیراقی، کوردستانی عیراق ئارامی ودلنیای تیانیە) کە بە زمانی ئەڵمانی دەگوترایەوە .شایەنی باسە لە خۆپیشاندانەکەدا نووێنەری رێکخراوی سانس فرۆنتی ونوێنەری رێکخراوی ئاوگن ئاوف، بەشداری بوون. دوای گەشتنی خۆپیشاندەران بۆ بەردەم وەزارەت وەفدێکی فیدراسیون کە پیکهاتبوو لە ئەحمەد عەلی، جەمال کۆشش، ئیسماعیل شیخۆ ، بلاستەر گلات سکرتیر رێکخراوەی سانفرۆنتی وئەندام پەرلەمانی زۆریخ لەگەل وەزارەتی کۆبوونە... هەرەوەها وەفدی وەزارەتیش پێکهاتبوو لە بەرپرسی فایلی عیراقی وبەرپرسی بەشی پەیوەندیەکان کۆکردنەوەی زانیاری. پاشان وەفدی فیدراسیون لەسەر چەند خاڵی سەرەکی پیانداگرت کەبریتی بوو لەراگرتنی هەڵوێست وهیرشی دژی پەنابەری حکومەتی سویسراو بڕیارە تازەکانی سەبارەت بە کوردستانی عیراق و پەنابەرانی کوردستانی عیراق...دوای زیاتر لە سەعاتێک لەقسەوباس وەفدی وەزاەرت ناچار بوو کەبەڵێن بدەن رێگە چارەیەک بۆ کێشەی پەنابەران کوردی عیراقی بدۆزنەوەو هیچ کەس بە زۆر نەنێرنەوە مەگەر کێشەیەکی زۆر تایبەتی بێ. ئەوەشیان ڕاگەیاند کە ئیمکانی هەیە لە ئایندەدا ئاڵوگۆڕ بەسەر ئەم بڕیارەدا بهێنرێت. وە نووێنەرانی فیدراسیونیان دڵنیاکردوە لەوەی کەسەرو خۆیان لەم کێشەو داواکاریانە ئاگادارەدەکەنەوەو پاش تاوتۆی کردنی بە ڕەسمی وەلامی فیدراسیون دەدەنەوە...

## بەردەم رێکخراوی کۆمسیونی بالای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران لەبەریتانیا دەکریتە مەیدانی نارەزایەتی دەبرینی پەنابەران !

رۆژی 9 / 11 / 2007 فیدراسیونی سەرتاسەری خۆپیشاندانێکی بردە بەدەرم بارەگای رێکخراوەی کۆمسیونی بالای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەری ( UNHCR ) خۆپیشاندەران بە دورشمی عیراق نا ئەمنە ، کوردستان ناجێگیرەو نائەمنە، مافی پەنابەری مافی ئینسانە نا بۆ دیپۆرتکردنەوەی نا بۆ گرتووخانە دەستبەسەری پەنابەرانی عیراقی بەزمانی ئینگلیزی دەووتەوە . پاشان وەفدیکی خۆپیشاندانەکە پێکهاتبوو لە ( دەشتی جەمال ، سامان سەردەم، نوری بەشیر، کارن جۆنسۆن، ئاسۆ گۆران) چاویانکەوت بە بەرێز ( Brian Larkin ) لە رێکخراوی کۆمسیونی بالای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران. هاوکات 5000 ئیمزای نارەزایەتی دەربڕین کە خواستەکانی پەنابەرانی تیدابوو لەوانە ( ڕاگرتنی دەستبەجێی سیاسەتی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بۆ کوردستان، بەڕەسمیەت ناسینی مافی پەنابەری بە پەنابەرانی کوردی عیراقی، ئازادکردنی زیندانیەکان) هەروەها هاوپیچ نامەیەکی سکرتیری فیدراسیون بۆ بەرێز ( بان کی مون ) سکرتیری نەتەوە یەکگرتووەکان تەسلیمکراو نوێنەری رێکخراوی ناوبراو ڕایگەیاند تەواوی ئیمزاونامەکان دەگەیەنێت بەشوێنی مەبەست ... شایەنی باسە لەم خۆپیشاندانەدا نووێنەری کۆمەڵەی کوردی لە دۆنکاسەرو نوێنەری رێکخراوەی کەمپەینی دژی راسیزم وفاشیزم، کەمپەینی دژی ناردنەوەی مندالان، پەیمانگەی پەیوەندیە نژادیەکان، رێکخراوەی NO SWEAT ریکخراوەی(No Borders) و نووێنەری چەندین رێکخراویتر لەشاری دۆن کاسەرەوە بەشداری کرد وپەیامی هاوپشتی خۆیان بۆ کەمپەینی فیدراسیون دژبە دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کورد دووپاتکردوە .

## رۆژی 16-11 نزیك بە 50 کەس لە بەردەم هیلی ئاسمانی زاگرۆس لە شاری فرانکفۆرت نارەزایەتیان دەربری !



لەدرێژەی کەمپەینی کاروانی مافەکانی پەنابەران وکۆچبەران ورێکخراوی گەنجانی بێ سنور لەئەڵمانیا لەپێناو بەرگری لەمافەکانی پەنابەرانی عیراقی ودژبەگێڕانەوەی پەنابەران بۆکوردستان رۆژی 16-11 نزیک بە 50 کەس لەنۆینەرانی رێکخراوە پەنابەری و ئینسانی وخەڵکی ئازادی خوازی ئەڵمانیا خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی یان بردە بەردەم هێڵی ئاسمانی زاگرۆس لە شاری فرانکفۆرت.....شایەنی باسە کە ئەم کەمپەینە دریژە بەم کەمپینە بدرێ تا جێ بەجێکردنی خواستەکانی ئەم کەمپینە کە بریتی یە لە:1هێڵی ئاسمانی زاگرۆس رازی نەبن تیکت بفرۆشن بەحکومەتی ئەڵمانیا بۆ ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران . 2- دەست بەجێ هەر تیکتێک بۆ گێرانەوەی بەزۆری پەنابەران فرۆشراوە بەحکومەتی ئەڵمانیا هەڵبوەشێنەوە .

" " " " " " " " " " " " " "
" " " " " " " " " " " " " "

**بەدەستهینانی خواستەکانمان و سەرکەتنمان لەگرەوی یەکگرتنی ریزەکانمان و هاتنەمەیدانمانداییە !**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## نامەی پیرۆزبای سالی نوێ

سلاو هاورێی ئازیزو ماندونەبن ، هاوری گیان، دەشتی جەمال، سوپاس بۆ ئیمەیلەکەت، دلخۆش وخۆشحال بووم بەناردنی ئیمەیلەکەتان، سوپاستان دەکەم.

هاورێ، دەمەوی لەرێی بەرێزتەوە سلاوو پیرۆزبایی یەکە بەیەکەی ستافی هەردوو دەزگای رۆژنامەی (ئالای ئازادی) ورادیۆی (زەحمەتکێشان) بگەیەنیە تەواوی ئەندامان وهەلسوراوانی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەران وسلاوی ماندوونەبوونییان ئاراستە دەکەین.

هاوری گیان ئێمە وەک چۆن تا ئێستا دەبینین ئێوە لەفیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەران، بوونەتە لانەیەک وبوونەتە لایەنێکی زۆر گرنگ بۆ داواکاری وداخوازییەکانی پەنابەران وشێلگیرانە کارتان کردووە لەو پێناوەدا، دلنیاشین کە لەسالی 2008دا بەهەمان حەماس وگروتینەوە زیاتر بەردەوام دەبن لەو رووەوە.جارێکی تر سلاوو پیرۆزبایی سالی نوێتان ئاراستە دەکەین وچاوتان ماچ دەکەین ودەستی ماندوو نەبوونیتان دەگوشین، هیواداریشین سالی 2007 سالی کۆتاییهاتنی مەینتییەکانی پەنابەران بێت و2008یش هاتنە دی خەونەکانی پەنابەران بێت.

پیرۆزبایی خۆمان لەهەردوو دەزگای رۆژنامەی ئالای ئازادی ورادیۆی زەحمەتکێشان دووبارە دەکەینەوە.

هێرش شۆرش /1/2008 سلیمانی

بەرێز هاورێ هێرش شۆرش سلاوتان لێ بێت و سالی نۆێ تان پیرۆزبێت !

ئێمەش لە سکرتاریەتی فیدراسیونەوە سۆپاسی هەلۆیستی دلسۆزانەو پیزانینی ستافی هەردوو دەزگای رۆژنامەی (ئالای ئازادی) ورادیۆی (زەحمەتکێشان) دەکەین و بەهیوای بەردەوام بووتانین لە پشگیری و هەلوست نواندن سەبارەت بە ژیان و کیشەکانی پەنابەران ! لەلایەن سکرتاریەتی فیدراسیونەوە/ ریبوار عارف 3 / 1 / 2008

## لە مارشی شکۆداری زوریخ بە دیفاع لە پەنابەران زیاتر لە 5000 هەزار کەس بەشداری کرد

مارشی شکۆداری شاری زوریخ ، مارشی هاوپشتی دژی راسیستی ،مارشی مەزنی دیفاع لە پەنابەراد مافەکانی مرۆڤ، مارشی دژی یاساکانی پەنابەری ولاتی سویسرا، دەنگی خۆی بەکۆمەلگای سوی دەگەیەنێ. رۆژی 17 / 11 / 2007 بەبەشداری زیاتر لە5000 هەزار کەس فیدراسی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی / سویسرا و چەند رێکخراوێکی تر لەهلڤاتیا پلاستی شاری زوریحە بە هوتافکێشانەوە بەرەو ناوەندی شاری زوریخ بەرێکەت بە دروشمی ( نابۆ سنور، نا بۆ ئەمرۆ نیشتم بەلی بۆ مافی پەنابەری) هیچ ئینسانێک ناقانوونی نیە ، دەبێ هەموو لیرەبمیننەوە پەنابەران دەمێنن وبلوخەر دەبێ بروا) بە تەواوی شاری زوریخی خرۆشاندبوو ، کۆمەلێکی زۆر لە دەزگاکانی راگەیان ئامادەببوون و ووینەی مارشەکەیان دەگرت....دوای نزیک بە سەعاتێک گەران بەناو شاردا مارشە هەلگەرایەوە بەرەو لیڤتیا پلاتس، دواتر نوێنەری فیدراسیون وچەند رێکخراوێکیتر قسەوباسیان خۆپیشاندەران کرد. دەشتی جەمال سکرتیری فیدراسیون ... لەلەندەنەوە هاتبوو بە زمانی ئینگلی قسەی بۆ ئامادەبووان کرد.

± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ±

لە رۆژانی 2007/11/29 تاوەکو 2007/12/1 فیدراسیونی پەنابەران لە کەنەدا بەشداری کۆنفرانسی سالانەی ریکخراوی Canadian council for refugees(CCR) کرد کە زیاتر لە 30 لیکۆلینەوە و سیمینارکرا . .. سەرەتا Assadi MR. Jahanshah نوێنەری UNHCR لە کەنەدا لە دەست پێکردنی کۆنفرانسەکە ووتەیەکی پێشکەش کرد کەتیدا تەئکیدی لەسەر یارمەتی دانی پەنابەرانی عیراقی کردەوە....لەکۆتایدا هەموو بەیەک دەنگ بریارێکمان پەسەندکرد کە لە لایەن جەلال سەعید نوێنەری فیدراسیونی پەنابەرانی عیراقی و Glynis Williams هەلسورایکی کەنەدیە لەناوچەی مۆنتریال ... کەبەشیک لەم بریارنامەیە بەم شیوە بوو : 1- حکومەتی کەنەدا فشاربخاتە سەر ئەو وولاتانەی کە چیدی پەنابەری کوردی و عیراقی لە ژێر هەر بیانویکدا دیپورت نەکاتەوە. 2-کۆمەکی مادی ومەعنەوی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بۆ پەنابەرانی عیراقی لە وولاتانی سوریاو ئۆرودن کە زۆرترین پەنابەر روو تێکردوون .3- داوای بە پەلە لە حکومەتی کەنەدا دەکەین کە سنوورەکانی خۆی بەتایبەت لەگەل ئەمریکادا بەرووی پەنابەرانی عیراقیدا بکاتەوە کەداوای پەنابەری دەکەن. 4- بەرزکردنەوەی وەرگرتنی ژمارەی پەنابەرانی عیراقی چ ئەوانەی کەلەرێگەی UNHCR دەدرێنە سەفارەتەکانی کەنەداو یان ئەوانەی راستەوخۆ لە رێگەی privet sponsorship دین بۆ کەنەدا کە لەسەر حیسابی پەنابەری وولاتانی تر نەبێ .5- ئاسان کردن وخێراکردنی مەعامەلەی نیشتەجێ کردنی پەنابەرانی عیراقی لەکەنەدا 6- بەرزکردنەوەی ئاستی ووشیاری خەلکی کەنەدی بۆ یارمەتی دانی پەنابەرانی عیراقی بەتایبەت لەرووی سپانسۆری تایبەتیەوە .7- دەبێت حکومەتی کەنەدی پرۆسەی موعامەلاتی پەنابەری عیراقی دوانەخا بەهۆی ئەو قەرارە تازەیەی کە وەزارەتی کۆچ وپەنابەری کەتێد داواکراوە پەلە بکرێت لە یەکگرتنەوەی خێزانی عیراقی، کەبەهۆی وەزعی تایبەتی عیراقە وە پەرتوو بلاوبوون. 8- دەولەتی کەنەدی بەرپرسیاریەتی زیاتر لەخۆی نیشان بدات لە بەرامبەر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## دیپۆرتی پەنابیەرانی کورد لە بەریتانیاوە درێژەی هەیە

هێمن حەسەن ئەحمەد پەنابەری کوردی عیراقی لە گرتووخانەی ئۆکنتن لە کامبریج وە پەیوەندی کرد بە فیدراسیونەوەو ڕایگەیاند کە ڕۆژی 11-12 /1 /2008 اتژمێر 4,25 دەقیقە بەکاتی لەندەن دیپۆرتی کوردستان دەکرێتەوە لە ڕێگەی ئەردنەوە ، بە پێی زانیاری تیکتیکت کە دروایی، وا بڕیارە ڕۆژی 12. 2008 بگاتە فرۆکەخانەی نیودەولەتی هەولێر. ئەوەشی ڕاگەیاند کە ناردنەوەی بە زۆرەو لەسەر خۆاستی خۆی نییەو هەروەها ژمارەیەکی دیکەش لەپەنابەران لەم گرتووخانەیە دا هەمان چارەنووسیان هەیە . لە ڕاگەیاندیک کە بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عیراق وینەری بە فیدراسیون گەشتووە داوا لەتەواوی ڕێکخراوە ئینسانی وپەنابەری و ڕیکخراوەی لی بوردنی نیودەولەتی دەکات نامەی نارەزایەتی بنیرن بۆ وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا و داوای دەست بەجی ڕاگرتنی دیپۆرتی ( هێمن حەسەن)و سیاسەتی گێرانەوەی بەزۆری پەنابەران بکەن بۆ کوردستان .

دەتوانن نامەی نارەزایەتیکانتان ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا بکەن بەم ژمارە فاکسە : 0044207354745

پاشماوەی پرسەنامە بۆ هاوری بەیان ...هەربۆیە ئەم کارەساتە بووە مایەی دلتەنگی و نارەحەتی هەموو لایەکمان هەربەو بۆنەوە دڵتەنگی و بەشداریکردنمان لەم پرسەیەدا بەخۆت و بەهەموو ئەندامانی خیزانەکەتان و هەموو دۆستان و خۆشەویستانی دایکیت ڕادەگەیەنین و هیوادارین کە وەک بەشداریک لەم پرسەدا لەپال دەستی خۆتاندا بمان بیننەوە . ڕیبوار عارف لە باتی سکرتاریەتی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی / 4 .1. 2008

هەفتەنامەی فیدراسیۆن بخوێننەوەو بیگەیەنن بەدۆستان وئاشنایانی دەوروبەرتان، ڕاپۆرت و هەواڵ وچالاکەیەکانی خۆتانی بۆ بنێرن و پرسیارو پێشنیارەکانتان بخەنەروو ، بەدڵنیای لەبەرچاویان دەگرین و وەلامیان دەدەینەوە ! سەرنووسەری هەفتەنامەی فیدراسیۆن ڕێبوار عارف Tel: 00358 440464905

## دەتوانن پەیوەند بکەن بە سکرتاریەتی فیدراسیونەوە

**دەشتی جەمال**

d.jamal@ntlworl.com

**جەمال کۆشش**

jamal-hasan@hotmail.com

**بابان عسمان:**

badasoz74@hotmail.com

**جاسم غفور**

jasm_rg@yahoo.couk

**عمر ئەمین**

omaramin8@hotmail.com

**ئاسۆ گۆران :**

asobalabarz116@hotmail.com

**سۆزان حسین :**

irakco@hotmail.com

**ڕێبوار عارف :**

fediraq@welho.com

## فۆرمی ئەندامیەتی لە فیدراسیۆن

ناوی سیانی :

مێژووی لەدایك بوون :

ناوی شار و وولات :

ناونیشانی شوینی نیشتەجێبوونی ئیستە

ژمارەی تەلەفون :

ئیمەیل یا ژمارەی فاکس :

ئابوونەوەی ئەندامیەتی لە فیدراسیوندا سالانە بڕی 20 ئیرۆیە ئەگەر کەسێك بەهۆی بەهرەمەند نەبوونی لە بیمەی بیکاری یا گرفتی ئابوورییەوە نەتوانێت ئابوونەوە بدات ، ئەوا دەکریت سکرتاریەتی فیدراسیون ئاگادارکاتەوە تا لە دانی ئابوونەوەی سالانەی فیدراسیون بەبەخشرێت !

دەتوانم ئابوونەوەی سالانەی فیدراسیون بدەم R    ناتوانم ئابوونەوەی سالانەی فیدراسیون بدەم Q

کات و شوینی داواکردنی ئەندامیەتی فیدراسیون    واژۆ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com